هەر ڕۆژێک کە بەندەکان بەیانی دێت بەسەریاندا؛ دوو فریشتە دادەبەزن، یەکێکیان دەڵێت: ئەی خودایە ئەوەی دەبەخشێت؛ شوێنی ئەو بەخشینەی بۆ پڕ بکەرەوە

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەر ڕۆژێک کە بەندەکان بەیانی دێت بەسەریاندا؛ دوو فریشتە دادەبەزن، یەکێکیان دەڵێت: ئەی خودایە ئەوەی دەبەخشێت؛ شوێنی ئەو بەخشینەی بۆ پڕ بکەرەوە، وئەوی تریان دەڵێت: خودایە ئەوەی دەستی دەگرێتەوە ونابەخشێت؛ ئەوا ئەوەی کۆی کردووەتەوە تیا بچێت ونەمێنێت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت کە هەموو ڕۆژێك کە خۆر تێیدا هەڵدێت دوو فریشتە دادەبەزن وبانگ دەکەن، یەکێکیان دەڵێت: خودایە ئەوەی خەرجی دەکات لە پەرستنەکان و لەسەر منداڵ ومیوانەکانی ولە کارە خێرەکان؛ ئەوا شوێنی بۆ پڕ بکەرەوە بە خێرتر لەوەی خەرجی کردووە، وسامانەکەی بە بەرەکەت بێت. وئەوی تر دەڵێت: خودایە ئەوەی دەستی دەگرێتەوە لە خەرجکردن ئەوا سامانەکەی بفەوتێت وتیا بچێت؛ چونکە خەرجی نەکرد لەسەر ئەوانەی کە شایستەن پێیان ببەخشرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3379